# بنەمای میتۆلۆژیایی "نەورۆز"

دەزانین کە یەکەم شارستانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بگرە هەموو مرۆڤ لە نێوان دووزێ بووە و لە شارستانییەتی "سومێر"ەوە دەستی پێکردووە. میتۆلۆژی، ئایین، یاسا و دەستکەوتەکانیتری سومێر بە میرات گەییشتە "ئەکەد" (بابل) و لەوێوە گەییشتە لای ئاشورییەکان.

ئەگەر نەڵێین کورد لەم شارستانییەتەدا بەشدار بووە، دەتوانین بڵێین هاوسێ بووە و کارتێکەری دوولایەنەیان هەبووە. "گۆتی"یەکان کە یەکێک لە دانیشتوانی رەسەنی ناوچەی کوردستان بوون، سێسەد ساڵ دەسەڵاتی بابلیان بە دەستەوە بووە (۳۱۰۰- ۲۸۰۰ پ ز) مەردۆخ دەڵێ کە "گۆدێئا" و "ئانووبانینی" دوو پادشای هەرە بەهێزی بابل لە کوردەکانی گۆتی بوون. ناوچەی "لۆلۆبیوم" ماوەیەکی زۆر بە دەست ئەکەد و کەلدە و ئاشورەوە بووە و "کاسی"یەکان (لۆری بچوک) دوو سەد ساڵ ناوچەی دوو زێیان لە ژێر رکێفدا بووە.

ئەم چەندسەد ساڵە تێکەڵاوییە بووەتە هۆی ئەوە کە زۆر لە میتۆلۆژی و داب و نەریتەکان لە یەکتر وەرگیرا بن و لەیەک بچن. هەر وا کە دواتر پارسەکان ئەم ناوچە داگیر دەکەن و داب و نەریتەکانی ئەوان دەکەن مۆڵکی خۆیان.

یەکێک لە نەریتە هەرە خۆشەویستەکان کە سەرەرای گۆرانکارییەکی زۆری مێژوویی، هێشتا هەر ماوەتەوە جێژنی "نەورۆز"ە.

لێرە نامەوێ ئەو ئەفسانە و میتۆلۆژیا جۆربەجۆرانە کە هەر خێڵێک بە کەیفی خۆی بۆ نەورۆزی داناوە بخەمە بەرچاو، بەڵکوو تەنیا دەمەوێ کۆنترین میتۆلۆژیای ئەم نەریتە کە بنەمای هەمووانە و دەگەرێتەوە بۆ نزیک بە هەزار ساڵ پێش پەیدا بوونی ئایینی زەردەشتی و بە نووسراوە گەیشتووەتە ئەمرۆ، باس بکەم.

ئەفسانەکە بابلییە و بەم شێوەیە: "تەموز" کوری "ئەیا" (بەو زاراوە کە هەورامی بە دایک دەڵێن) کە یەکێک لە خودا گەورەکانە، لە ژێر سێبەری داری "ئەریدا"دا کە سێبەری هەموو دنیای داگرتووە، مەر دەلەوەرێنێ. "ئەشتەر" (ژن خودای ئەڤین و خۆشەویستی دایکانە و بارەوەری خاک) ئاشقی تەموز دەبێ و دەیەوێ بیکا بە هاوسەری خۆی، بەڵام تەموز لە شەرە بەرازدا دەکوژرێ و دەکەوێتە

"ئارالو" (دۆزەخ) کە لە ژێر رکێفی خۆشکی بەخێڵی ئەشتەردایە. ئەشتەر خەمێکی زۆر دایدەگرێ و دەیەوێ بچێتە ژێر زەوی بۆ ئارالو و برینەکانی تەموز لە چاوەگەی شەفادەردا بشوا و ژیانی بەبەر بهێنێتەوە. یاسا وایە کە هەرکەس بیەوێ بچێتە ئارالو دەبێ رووت ببێتەوە.

ئەشتە لە حەوت دەرکەی دۆزەخەوە تێدەپەڕێ و لە هەر دەرکەیەک بڕێک لە جل و بەرگ و چەکەکانی لێی دەستێنن. "ئەرەشکیگاڵ"ی خۆشکی کە چاوی بە ئەشتەر دەکەوێ، تووڕە دەبێ و فەرمان دەدا کە زیندانی بکەن و تووشی شەست نەخۆشی بکەن.

لەو ماوەیەدا کە ئەو لە زیندانە، بەرەکەتەکانی سەر زەوی کە لە ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ لەناو دەچن. هەموو هونەرەکانی ئەڤینداری لەبیر دەچێتەوە. روەک و دار بنچک بەریان نامێنێ، ئاژەڵەکان پێکەوە جووت نابن. سەوزەکان دەژاکێن، گیانلەبەران گەرمای لەشیان هەست پێناکەن.

لە کۆڵانان هیچ پیاوێک لە کچێکی لاو نزیک نەدەبووەوە.
پیاو لە ژووری خۆی دەنووست.
ژن بە تەنیا چاوی دەچووە خەو.

خەڵک قات و قڕی تێدەکوێ. خوداکان کە دەبینن قوربانییەکان کەم بوونەتەوە، پەژارە دایان دەگرێ و فەرمان بە ئەرەشکیگاڵ دەدەن کە ئەشتەر ئازاد بکا. ئەو فەرمانەکە بەڕێوە دەبا، بەڵام ئەشتەر رەزا نادا کە بێ تەموز بگەڕێتەوە. داواکەی قبوڵ دەکرێ و ئەو سەرکەوتووانە لە حەوت دەرکەوە تێدەپەڕێ و جل و دەستەوانە و پامووره و زێڕ و زیوەر و تانجەکەی وەردەگرێتەوە.

کاتێک دەگاتەوە سەر زەوی روەک دیسان دەبووژێنەوە، دارەکان شکۆفە دەکەن و زەوی پڕ دەبێ لە خواردەمەنی و گیانلەبەران بەرەیان پەرە دەستێنێ...

"ئەڤین کە بەهێزتر لە مەرگە گەڕاوە شوێنی خۆی کە سەروەری کردن بەسەر مرۆڤ و خوداکاندایە."

رۆژی گەڕانەوەی ئەشتەر بۆ خەڵکی بابل باوەڕ و ئیمانێکی قووڵ بووە، بۆیە رۆژێک لە ساڵ بۆ مردنی تەموز پرسەیان گرتووە و رۆژی دوایی بە شایی زیندووبوونەوەی و هاتنەوەی ئەشتەر جێژنیان گرتووە و بە رۆژی نوێ بوونەوەیان زانیوە.

ئەمە سەرچاوەی باوەڕی ژیانەوەی سروشتە، زستان ئەو کاتەیە کە ئەشتەر لە زینداندایە و بەهار گەڕانەوەی ئەشتەر خودای ئەڤینە.

پرسه و جێژن به دوای یەکدا دوواتر هاتووته ناو ئایینی زەردەشتی و تەنانەت ئیسلامیش.

له ئایینی زەردەشتیدا ڕۆژەکانی ئاخری زستان بۆ بیرەوەری مردووەکانه و پێنج ڕۆژی سەرەتای بەهار هاتنه خوارەوەی "ئەمشاسپەند"ەکانه و ڕۆژی شەشەم لەدایک بوونی زەردەشته.

جگه له ئەفسانەی ئەشتەر، جێژنی بەهاره له دەورەی "گۆدیٚئا" دا به نێوی "زگموک" بووه که به نێو و لەبەر شانازی "مەزدەک" خودای مەزنی بابل گیراوه.

لەم ڕۆژەدا پەیکەرەی هەموو خوداکان (هەر هۆزێک و هەر شارێک خودای خۆی هەبووه)یان هێناوەته پاراستانی تایبەتی و گەورەی مەردوک. شا لەم ڕۆژەدا هاتووەته پاراستان و به نیشانەی بەڵێنی و پەیمان تازەکردنەوه دەستی له دەست پەیکەرەکەی مەردوک ناوه. یەکێک له دابه گرینگەکان لەم جێژنەدا ئاورکردنەوه بووه. خوداکان لەم کۆبوونەوەدا ڕەوتی ڕووداوەکانی ساڵی داهاتوویان دیاری کردووه و لەسەر چارەنووس و ئەرکی شا و چاکی و خراپی داهاتی زەوی و چۆنیەتی هەوا و هەرچی له زەوی و ئاسماندایه، بڕیاریان داوه و له ڕێگای شاوه به خەڵکیان گوتووه. دوواتر له دەورەی پارسییەکاندا، لەم ڕۆژەدا (ڕۆژی نەورۆز) شا بەراتی به خەڵک داوه و زەکاتی دیاری کردووه و والی ویلایەتەکانی دەست نیشان کردووه. ئەوانیش هەدیەیان بردووه بۆ ئەو.

ئەم نەریته به بڕێک گۆڕانکارییەوه لەناو ئیزەدییەکاندا ماوەتەوه. به پێ باوەڕی ئەوان ڕۆژی سەر ساڵ خودا لەسەر تەختی خۆی دادەنیشێ، هەر لەو کاتەدا مەلایەکەتەکان دەوریان گرتووه. خودا پێیان دەڵێ: لەو کاتەدا که ئێوه خەریکی شایی و عیبادەتن من دێمه ناوتان. لەم ڕۆژەدا خودا و ئیزەدەکان (خودا بچووکەکان) که بریتین له "عزازیل" (مەلەکه تاوس)، دەردائیل (شێخ حەسەن) ئیسرافیل (شێخ شەمسەدین) میکائیل (شێخ ئەبوبەکر) جبرائیل (سەجادین) شەمنائیل (ناسرەدین) نورائیل (فەخرەدین)، داهاتوو و بەسەرهاتی خەڵک و وڵات دیاری دەکەن. دووایه خودای مەزن یەکێک له ئیزەدەکان دەنێرێته سەر زەوی و ئیزنی دەداتێ که بڕیارەکان جێبەجێ بکا. پاشان ڕوو دەکاته بەشدارانی کۆڕەکه و دەڵێ: گوێ بدەن، من ئەم زەویه پڕ دەکەم له بەرەکەتی خۆم. دووای ئەم قسه شایی و هەڵپەڕکێ دەست پێدەکا.

یەکێک له شته هەره تایبەتەکان ئەوەیه که خودا قەباڵەیەک ئیمزا دەکا، لەو قەباڵەدا زەوی به هەموو ئەو شتانەوه که تێیدایه به ئیجاره دەدا به یەکێک لەوانه که لەوێن و قەباڵەکه مۆر دەکا و نیشانی بەشدارانی کۆبوونەوەکه دەدا هەتا هەموویان شایەتی لەسەر ڕاست بوونی ئیمزا و مۆرەکه

بدەن. ئەودەم خودا دەڵێ: ئەم زەوینەم بۆ ساڵێک بە ئیجارە دا بە تۆ کە چی لێدەکەی بیکە. ئەودەم جێژن تەواو دەبێ.

هەر ئەم رووداوە لە ئەفسانەی زەردەشتییەکاندا روو دەدا ( بەشی دووهەمی وەندیداد) خودا "هورمز" لەگەڵ هەموو ئەمشاسپەندەکان (ئیزەدەکان) و گەورەکاندا لە کۆڕێکدا کۆ بوونەتەوە. لەوێ داوا لە جەمشید دەکا کە وەکوو پەیغەمبەرێک نوێنەرایەتی ئەو لە سەر زەوی بکا، جەمشید قبوڵ ناکا. ئەودەم دەڵێ ئێستا کە پەیغەمبەری قبوڵ ناکەی لە دنیای ماددیدا نوێنەری من بە! جەمشید قبوڵ دەکا و دەبێتە خاوەنی "فەڕی ئیزەدی" و پاش ئەوە کە دنیا دادەمەزرێنێ جێژنی دامەزراندن دەگرێ و نێوی ئەو رۆژە دەنێ "نەورۆز".

ئەو چیرۆکەی کاو و ئەژدەهاک و... کە لە بەشێک لە کوردەواریدا بووەتە باو هیچ پەیوەندییەکی مێژوویی بە نەورۆزەوە نییە. ئەم باسە لە نووسراوەی "نەورۆز و کاوە و کورددا" شی کراوەتەوە.

**

لەم سەرچاوانە کەڵک وەرگیراوە؛

مێژووی کورد و کوردستان / ئایەتوڵا موحەمەد مەردۆخ کوردستانی / لاپەڕە ١٣٤

مێژووی شارستانییەت/ ویل دۆرانت/ بەرگی یەکەم/ لاپەڕە ٢٨٠، ٢٨٤

ساڵژمێر و جێژنەکانی ئێرانی کەونارا / هاشم رەزی/ل ٢٣٣،٢٣٤

رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا/ رەشاد میران/ ل ١١٧

**

تەیفور ١٩٩٣